## جوگرافیای سروشتی کشوەری ئاسیا

## شوینی جوگرافی کشوەرەکە

–لە رووی شوینی ئەسترونومی (فەلەکی )کشوەری ئاسیا دکەوێتە نێوان بازنەی پانی ( 10پلەی باشوور –82پلەی ی باکور ) هیێڵی یەکسان (کەمەرەی زەوی ) ، 10 پلە لە نزیك دورگەی تیمور تاکو دورگەی سیفیرینا لە ناو زەریای بەستووی ، ولە نیوان هیلی درێژی ( 170پلە – 23 پلە )رۆژهەڵاتی هیێڵی گرینج، لە گەرووی بیرنگ 170 پلە یە ، تاکو 23پلە لە دەریای ئیجە لە کەنارەکانی تورکیا.

-له رووی وشکانی و ئاو کشوەرەکە سیفەتی نیمچە دورگەیی هەیە لە باکور زەریای بە ستەلەکی باکور ،لە روژهەلات زەریای هیمن وە لە باشور زەریای هیندی وە بە شیك لە سنوری روژئاوای سنوری ئاویە پیك دیت لە( دەریای سوور و بەشیك لە دەریای ناوەراست و دەریای ئیجە و دەریای مەرمەرە و دەریای رەش )

## تایبەتمەندیەکانی جوگرافی کشوەری ئاسیا:

-رووبەری کشوەری ئاسیا نزیکەی 44 ملیۆن کم$^2$ کە گەورەترین رووبەری وشکانی هەیە لە سەر گۆی زەوی و ئەم رووبەرە گەورەیە بووە هۆی پەیدابوونی جۆراوجۆریەتی لە بەرزی و نزمی کە بە گشتی ووشکانی کشوەرەکە 950م بەرزە ، وە لە سەر لوتکەی ئیڤریست 8848م، لە هەمان کات دا لە کشوەرەکە قولآیی ماریاناهەیە 11034م دەکەویتە ولآتی فلپین لە ناو زەریای هیمن .

–له ئەنجامی فراوانی کشوەرەکە ژینگەی بەستوو لەوپەڕی باکووری کشوەرەکە بەدیاردەکەوی  له گەلْ ئەوەشدا دەبینین  ئاووهەوای کەمەرەیی له بەشی باشووری کشوەرەکە بە دیار دەکەوی، هەروەها دەرکەوتنی خاسیەتەکانی ئاووهەوای کشوەری (بیابان ).

–کەنارەکانی کشوەری ئاسیا پێچاوپێچە دەبیتە هۆی تێکەڵ بوونی دەریا له ووشکایی کشوەرەکە ئەمەشیان دەبێتە هۆی دروست بوونی دەریا و کەنداو و نیمچە دورگە

–له نزیك کەنارەکانی کشوەری ئاسیا ژمارەیەکی گەورە له دوورگە هەیە،
–کشوەری ئاسیا زاڵە بە شێوەیەکی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ بە سەر چەند گەرویەکی ئاوی کە گرینگی سەربازی و بازرگانی هەیە

## پێکهاتەی جیۆلۆجی و بەرزی ونزمی کشوەری ئاسیا:

دەتوانین دابەش بکەین بۆ ئەم بەشانەی خوارەوە:

1- کوتلەی کۆن ناسراوە بە بانجیا یان کشوەری دایك دابەش دەبێت بۆ چوار بەش:

أ- کوتلەی سیبریای کۆن" ئەم کوتلەیە دادەنرێت وەك ناووك کە بووە هۆی گەشەکردنی بەشەکانی سەرەوەی کشوەری ئاسیا (ناوەڕاستی ئاسیا)،

ب- کوتلەی چین: ئەم کوتلەیە دەکەوێتە بەشی رۆژهەڵاتی کشوەرەکە بە تایبەتی چینی میللی

ج- کوتلەی دکن " کوتلەی هیند": ئەم کوتلەیە درێژ دەبێتەوە لە بەشی باشووری کشوەرەکە بەشێکی گەورە لە نیمچە دوورگەی هیند

د- کوتلەی نیمچە دوورگەی عەرەب:

– دەشتە نزمەکانی باکوور: بەشێکی گەورە داگیر دەکات لە باکووری کشوەرەکە، بریتییە لە زەویەکی دەشتایی تەخت سنوری لە رۆژهەلات دەریا بیرنگە و لە باشور زنجیرە چیای هملایایە و لە رۆژئاوا زنجیرە چیای ئورالە و لە باکور زەریای بەستەلەکی باکورە ، ناسراوە بە دەشتی سیبریا

3-پیکهاتەی سییەمی جیولوجی ناسراوە بە پیکهاتەی ئەلبی : پیک دیت لە بەردی نیشتەنی ،کە سیفەتی بی هیزیە بەمانای بەرگەی رامالینی (ئاوی و با ) ناگریت ، پیک دیت لە زنجیرەیەك بەرزاتی لە ناوەڕاست کشوەرەکە ناسراوە بە گری ی بامیر کەدابەش دەکریت بۆ چوار بەشی سەرەکی:

-بە هیندوکوش دەست پی دەکات وزنجیرە چیای بەرز کۆتایی پیٚ دیٚت لە گریٚی ئەرمینیا.

-زنجیرە چیای سلیمان و زنجیرە چیای زاگروس وچیای توروس

- بەرزاییەکانی "هیمالایا" کە بەرزترین زنجیرە چیای جیهانە و قرەقورم

- زنجیرە چیایەکی تر بەرەو رۆژهەلاٚت دەڕوات ئەم زنجیرە چیایە دەبیٚتە دوو زنجیرە بەرزاییەکانی "کوین لی" و"نان شان".

له نیوان ئەوکومەلە زنجیرە چیایانە سەرەوە چەند بان و حەوز و گری ی بچوك هەیە گرنگترین ئەو حەوز و بانانەش ئەمانەن :

1- بانی تبت: به بەرزترین بانی جیهان دادەنرێت که بەرزاییەکەی دەگاتە زیاتر له 3500م له سەر ئاستی رووی دەریا .


2- حەوزی تیسیدام: دەکەوێتە باشووری بەرزاییەکانی "نان شان" زۆربەی بەشەکانی ئەم حەوزە داپۆشراوە بە زەلکاو.

3- حەوزی تاریم: ناوچەیەکی نزمە"رووباری تاریم"لە ناوی دەروات.

4- بیابانی غوبی: دەناسرێت بە بیابانی "شامۆ"

5- بانی ئێران (بیابانی لوت ): رووبەرەکەی بە زەڵکاو داپۆشراوە

6- بانی ئەنادول: یەك لە بانە گرینگەکانی‌شاری ئەنقەرەی لەسەردروست کراوە


المحيط المتجمد الشمالي
سهول سيبيريا
هضبة سيبيريا
جبال أورال
أوروبا
بحيرة بيكال
بحيرة بلكاش
جبال القوقاز
تيان شان
حوض تاريم
هضبة التبت
جبال الهيمالايا
نهر آمور
اليابان
تايوان
هضبة الدكن
الهند
خليج البنغال
بحر العرب
خط الإستواء
المحيط الهندي
أندونيسيا

# ئاووهەواي كشوەري ئاسيا

**جياوازى تەواوى ئاووهەوا هەيە لە بەشەكانى كشوەرى ئاسيا لە ئەنجامى كارى چەند فاكتەرێكى سروشتى گرنگترين ئەو فاكتەرانە:.**

**1- شوێنى فەلەكى: شوێنى فەلەكى كاريگەرى لە سەر ئاووهەوا هەيە لە رووى بڕى تيشكى خۆر كە دەگاتە سەر رووى زەوى و جياوازى لەو بڕە لە وەرزێك بۆ وەرزێكى تر،**

**2- رووبەرى كشوەرەكە و شێوەى كەنارەكانى بووە هۆى بەدياركەوتنى كاريگەريى دەريايى لە دوورگەكان و نيمچە دوورگەكانى باشوورو رۆژهەلات و كەنارەكانى دەرياى ناوەراست لە رۆژئاواى كشوەرەكە لە نزيك كەنارەكان .**

**3- بەرزى و نزمى: كاريگەرى هەيە لە رووى:**

**أ- جۆراو جۆربوونى بەرزى و نزمى كە دەبێتە هۆى جياوازى لە جۆرى بڕى داباران**

**ب- شێوەكانى بەرزى و نزمى و سروشتى درێژ بوونەوەى**

## هەریمەکانی  ئاووهەوا لە کشوەرەکە ئەمانەن:

–هەرێمی ئاووهەوای جەمسەری: ناسراوە بەهەرێمیٚ تەندرا وە ئەم هەرێمە ناسراوە بە زستانێکی درێژو ساردیەکی زۆر سەخت

–هەرێمی مەنشوریا ئەمەش ناوچەکانی باکوور مەنشوریا و باکووری یابان وە دوورگەی سخالین

–هەرێمی ئاووهەوای مام ناوەندی سارد: ئەم هەرێمە ئاووهەوای باکووری چین وناوەراست و باشوری یابان دەگریتەوە

–هەرێمی ئاووهەوای وەرزی گەرم: ئەم هەرێمە درێژ دەبێتەوە لە نێوان بازنەی پانی 10–20 پلە باکووری هێلی یەکسان سیفەتی بارانی هاوینە و زستانی ووشك هەیە

–هەرێمی ئاووهەوای کەمەرەیی: ئەم هەرێمە پلەی گەرمی بەرز و  بارانی زۆر بە درێژایی سالٚ لە نێوان 10 باشور تاکو 10 باکور کەمەرەی زەوی .

–هەرێمی ئاووهەوای بیابانی گەرم: سیفەتی وشکی و گەرمی هەیە .

**هەرێمەکانی رووەکی خورسك لە کشوەری ئاسیا:**

1- هەرێمی رووەکی تەندرا: ئەمەش رووبەرێکی فراوانی روو تەخت لە کشوەری ئاسیا دەگرێتەوە وە ئەو هەرێمە هەرێمێکی دەشتایی بێ درەختە وە خاکەکەی بەستەڵەکە تەنیا رووەکی دەرزولەی هەیە .

2- هەرێمی دارستانە سنۆبەریەکان: ئەم دارستانە لە سیبریا بە (تایکا) ناسراوە وە ئەم دارستانە دەکەوێتە نێوان بازنەی پانی 40-60 درەختەکانی پێکدێت لە سنۆبەر- الارز

3- هەرێمی دارستانە گەڵا وەریوەکان: ئەم دارستانانە بەربڵاوە لە رووبەرە فراوانەکانی وولاٌتانی (صین، یابان، کۆریا)، جۆرەکانی ئەم دارستانانە بریتین لە ئەسفیندان- ئەلزان- گوێزی هیندی ئەم دارستانانە بەوە دەناسرێنەوە کە لە وەرزی زستان گەڵاکانی هەڵدەوەرێت بە هۆی نزم بوونەوەی پلەی گەرما

4- هەرێمی دارستانی وەرزی: بەرزبوونەوەی پلەی گەرما لە گەڵ باران بارینێکی زۆر یارمەتی ئەوەیان داوە بۆ گەشەکردنی دارستانێکی چر و پڕ بۆ نموونە جۆری دارەکانی ئەم دارستانە کە دەگاتە 3000 جۆر

5- هەرێمی دارستانی دەریای ناوەڕاست: ئەم دارستانە بەوە دەناسرێت کە پلەی گەرمای مام ناوەندیە وە بارانەکەی لە زستان دەبارێت وە ئەم دارستانە ناوچەیەکی تەسك دەگرێتەوەو درێژ دەبێتەوە لە تورکیاوە تاوەکو کەنارەکانی وڵاتی شام و چیاکانی کوردستان و گرنگترین دارەکانی بریتین لە دار بەروو- سنۆبەر- زەیتون. لە نیوان دارەکان گژوژیای کورت هەیە .

6- هەرێمی گژوگیای ئیستێپس وە ساڤانە: ئەم گژوگیایە بە گژوگیای ناوچە ناوەندیەکان دەوترێت واتە پێی دەڵێن ئیستێپس وە ئەم گژوگیایە لە رۆژهەڵاتەوە لە مەنغۆلیاوە دەست پێی دەکات تا دەگاتە باکووری دەریای رەش
7- هەرێمی رووەکی بیابانی وە نیمچە بیابانی: ئەم رووەکانە لە ناوچە فراوانەکانی رۆژئاوا و ناوەندی کشوەرەکە گەشە دەکات

**خاك لە کشوەری**

1- خاکی تەندرا: ئەم خاکە درێژ دەبێتەوە لە سەر شێوەی ناوچەیەکی فراوان وە زۆربەی ناوچەکانی باکووخاکی بیپیتە
2- خاکی دەریای ناوەڕاست: ئەم خاکە بلاُو دەبێتەوە لە رۆژئاوای ئاسیا خاکی بە پیتە
3- خاکی شیرنوزم: ووشەیەکی رووسیە بە مانای زەوی رەش دێت بە شێوەیەکی پانی لە رۆژهەڵاتی دەریای رەش هەتا رووباری یانسی خاکەکەی بە پیتەو بۆ بەرهەم هێنانی گەنم.
4- خاکی بیابان: ئەم خاکە لە زۆر ناوچەی ووشك وگەرم بەدیاردەکەوی لە ناوەندی ئاسیا (مەنغۆلیا) ناسراوە بە (خاکی زەرد).
5- خاکی بودزول: ووشەیەکی رووسیە بە مانای خاکی فشەڵ دێت ئەم خاکە بیپیتە .
6- خاکی لاترایت: ئەم جۆرە خاکە بەربلاُوە لە باشووری کشوەرەکە وە خاکێکی هەژارە بە مادەی ئەندامین و کانزایی

**دەرامەتی کانزا لە کشوەری ئاسیا**

**لە ئەنجامی جیاوازی تەمەنی جیولوجی و رووداوە جیولوجیەکان و پێکهاتەی جیولوجی ئاسیا کانزای (فلزی و نافلزی) لە کشوەرەکە بە دیار دەکەویٚ بە ریٚژەی جیاواز و لە ناوچەی جیاواز**

**–کشوەری ئاسیا گەورەترین یەدەکی خەلوزو گازی سروشتی و پترولی هەیە، بەرهەمی خەلوزی ملیون تەن) 1لە سەر 3 جیهانە**

-**یەدەکی بترولی هەیە** کشوەرەکەیە کە 81٪ بەرهەمهینەری جیهانە.

**–**کانزای قةرقوشم لة ئةندةنوسیا و مالاوی و هندستان و جین کة **ریژەی** 61% جیهانة و

60% تةنةكةی جیهان و 70% بوکسایتی ، **وکانزای شوشه به ریژەی** 23٪ **جیهانه**

**-فوسفات لە وولاتانی ئوردن و سوریا هەیە کە بو پەینی کیمیاوی بە کاردیت**

دەرامەتی ئاو لە کشوەری ئاسیا

أ- رووبارەکان: زەوییەکانی کشوەری ئاسیا چەند رووبارێکی لێ دەڕوات کە گرنگترین رووبارەکانی جیهانە، چونکە رێرەوی رووبارەکان درێژە گرنگی شارستانی و بەهای ئابووری هەیە لە نێوان ئەو رووبارانەی کە لە جیهان هەیە 15 رووبارە 7لەو رووبارانە لە کشوەری ئاسیانە ( یانکتسی و هوانغ هو ، ئاوب ،ئامور ،فورات ،سند ،سیرداریا ، سلوین ،رووبارەکانی ئاسیا دابەش بکەین بۆ چوار بەشی سەرەکی:

1- کۆمەڵە رووبارەکانی باکوور: ئەو رووبارانە دەگرێتەوە کە بە دەشتی سیبریا تیپەر دەبی( ئاوب- یانسی -ئامور- لینا).

2- کۆمەڵە رووبارەکانی رۆژهەلأت: رووبارەکانی ولأتی چین لە خۆ دەگرێت ( رووباری هوانغ هو (روباری زەرد )، رووباری یانگتسی ) .

3- کۆمەڵەی رووبارەکانی باشوور لە وولاتانی نیمچە دورگەی هیندی چینی، و نیمچە دوورگەی هیندیە وەکو (السند، غانج ، براهما بوترا)

4- کۆمەڵەی رووبارەکانی رۆژئاوا ( رووباری دیجلە ، روباری فورات)

5- کومەلە روبارە ناوەکیەکان گرینگترینی ( ئورال و سیرداریا و ئامودایا و روباری ئوردن

ب- دەریاچەکانی ئاسیا:
ژمارەیەکی زۆری دەریاچە لە ئاسیا بە دیار دەکەویٚ گەورەترینی دەریای خزرە (قزوین) گەورەترین دەریاچەی جیهانە و دەریاچەکە خوێواویە (سوێرە– مالحە).
وە هۆی بە دیارکەوتنی دەریاچە لە کشوەری ئاسیا جۆراوجۆرە کە گرنگترینیان:
– رامالینی بەستەلەکی لە بەشی نیمچە جەمسەری لە کشوەرەکە.
– دەوی گرکانی کۆن کە ئێستا مردوە. وەکو ( وان و سیفان و رەزاییە و و تسن بوکو لە چین و دەریاچە کانی کوریل و فلبین و مەلایو
– جولەی تەکتونی کە دەبێتە هۆی دابەزینی هەندێك لە چینەکانی زەوی وەکو قزوین و ارال و بایکال و مردو و بالکاش

**رەگەزەکانی دانیشتوانی ئاسیا :**

**1- رەگەزی مەغۆلی (ڕەگەزی زەرد) لەبەشی باکوری خۆرهەلاتی کیًشوەرەکە ژیاون کۆنترین رەگەزی مروڤە لەکیشوەرەکە ناسراون بە.کۆمەلەی ئایۆنی لە یابان لە وولاتانی (یابان و کوریا و لاتی منغولیا و ولاتانی کومەلەی هملایا و تبت وە کومەلەیەکیان لە چیاکانی تیان شان و تورکمنستان وە وولاتانی مەلایو و فلبین و بەشی باکوری چین**

**2- - رەگەزی زنجی لە کۆمەڵێك لە دورگەکانی باشورو باشوری رۆژهەڵاتی ئاسیا بە دیار دەکەون بە تایبەتی دورگەکانی ئەندەنوسیا و سومەترە و جاوە ، هەروەها لە باشوری نیمچە دورگەی عەرەب و عیراق و ئێران هەیە**

**3-رەگەزی قەوقازی لە وولاتانی لوبنان و فلستین و سوریا و ئوردن و کوردەکان و ئیرانیەکان و ئەفغانیەکان و ئەرمەنیەکان و هیندیە ئاریەکان**

## دووەم - گەشەکردنی دانیشتوان کشوەری ئاسیا:

**گەورەترین ژمارەی دانیشتوانی جیهان لە کشوەری ئاسیایە کە دەگاتە 61٪ دانیشتوانی جیهان وەك لەم خشتەیەی خوارەوە بە دیار دەکەوێ هۆیەکانی گەشەکردنی دانیشتوانی ئاسیا دەگەڕێتەوە بۆ ئەم هۆیانەی خوارەوە:**

1- **گەشەکردنی سروشتی دانیشتوان زۆرە کە دەگاتە 1.9٪ سالأنە کە ئەو ریژەیە گەورەترین ریژەیە دوای کشوەری ئەفریقیا، بەلأم جیاوازە لە نیوان ولأتان، چین 1.3٪، یابان 0.9٪، باشوری ئاسیا 2.5٪.**

2- **باری ئابوری و خزمەتگوزاری کە بەردەوام لە باش بوون دایە بە تایبەتی ولأتانی کەنداوی عەرەب. بۆ نموونە مردنی مندالْ 98 مندالْ لە هەزار بوو سالْی 1975، گەیشتە 65 مندالْ لە هەزار سالْی 1997 و ریژەی مردن 24 لە هەزار بوو سالْی 1950 سالْی 1997 گەیشتە 8.5 کەس لە هەزار.**

3- **بە کار نەهێنانی سیستەمی رێکخستنی خێزان لە ئەنجامی:**

**أ- دواکەوتنی رۆشنبیری**

**ب- تێگەیشتن بە هەڵەی هەندێك بیروباوەڕی ئاییینی ئیسلام**

**ج- هۆزایەتی (عشائری) کە خێزانی گەورە مانای خێزانی بە هێزە..هتد**

**زمانەکانی کشوەری ئاسیا**

**- کومەلەی زمانی چینی (تبتی وتایلندی و بورما ) زمانی چینی 1ملیار و 200ملیون کەس**

**- کومەلەی زمانی پرسیلاب (کوریەکان و ژاپون و دانیشتوانی سیبریا و هندیەکان**

**- کومەلەی زمانەئالوزەکان (عەرەبەکان وکوردەکان و ئیران و پاکستان و باکوری هیند و تورکی**

**زمانی هیندی 260 ملیون کەس زمانی بنغالی 240 ملیون کەس زمانی روسی 154 ملیون کەس زمانی یابانی 128 ملیون کەس ،زمانی بنجابی (لاهاندا ) 119 ملیون کەس**

**ئایین لە کشوەری ئاسیا**

**- ئاینی برهمایی (لە ئاینی فیدایە کە ناوی کتیبی پیروزی ئاریەکانە لە هیند 800 ملیون کەسە**

**– ئاینی بودایی (بوزایی ) تەمەنی نزیکەی 1ملیارن لە هیندو چینی و ژاپون**

**– ئاینی مسیحی 364ملیون و 780 هەزار وە بە پلەی یەك فلبین و روسیا**

**–ئاینی ئیسلام 1ملیار و 39ملیون کە 32٪ کوی ئاینەکان لە ئاسیا وە هیند بە پلە یەك**

**- ئاینی زەردەشت لە ئاسیا ژمارەیان دەگاتە نزیکەی145هەزار تاکو 2.5 ملیون کەس**